

شیعر

# ڕۆژان ئەڕوا و
# تۆ هەر خۆشەویستی منی

١٩٨٣ فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی

• ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، یانەی داوە •

# ٧

# چەپکێ سەرنج

**ئازیزەکانم :ـ**

ئەم هۆنراوانە قۆناغی دوای کۆمەڵە هونراوەی «نیگای حەزێکی ئاوارە»ن هەندێکیان لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی‌یەکاندا بڵاوکراونەتەوە بەڵام بەداخەوە ئەیڵێم کە هەڵەی چاپ وای لە بەرهەمە بڵاوکراوەکان کردووە تام و بۆی وونکاو خوێنەری زیرەك نەبێ نەتوانێ بەئاسانی ئەو هەڵە چاپی‌یانە ڕاست بکاتەوە .

بێگومان ئەم هۆنراوانە بەرهەمی نێوان ساڵانی (١٩٧٧ ـ ١٩٨٢)ن ، ئاشکراشە کە هەموو بەرهەمەکانی ئەو پێنج ساڵە ناگرنەخۆ ، ڕەنگە هۆنراوەی وای تێدابێ کە ساکار بێ و زیاتر پەیوەندی‌یەکی کەسی بە خۆمەوە هەبێ بەڵام هەرچۆنێك بێ شیعرو شاعیر لێك جودا ناکرێنەوە ئەمە جگە لەوەی کە هۆنراوەکان بەتایبەتی ئەوانەی نیوەی دووەمی ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە زنجیرە پەیوەندی‌یەکی عاتیفی و کاتی‌ی پێکەوەیان ئەبەستێ کە لابردنی هۆنراوەیەکیان ئەبێتە هۆی

لێکداپچڕانی ئەو زنجیرە پەیوەندییە ٠

دواجار داوای ڕەخنــەی بەسوود لە بــرا ڕەخنەگرەکان دەکەم و ئیتر سوپاس ٠

**فەرەیدون**

**ئەیلولی ١٩٨٢**

# دیاری شاعیر

تەنیا دیاریم هۆنراوێکە ٠ ،
بۆم هێناوی لێم وەرگرە ٠٠
ئەگەر هاتو ووشەکانی
وەکو لێوت ناسك نەبوون
سەریان برە ٠٠

★ ★ ★

گۆرانی بۆ تۆ ئەڵێمەو
گوێم لێگـــرە ٠٠
گیانە ئەگەر ئاوازەکەی
وەك قاقای تۆو گریانی من
بەجۆش نەبوو ٠٠ ،
نۆتەکانی لەتو پەتکە
بیاندڕە ٠٠

٤ ئابی ١٩٧٧

## به یادی گۆرانەوە

ئێوارەیە
دامەگەڕێو
شەقامەکە لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە
ئەو لاوانەی لەسەر ڕێتان
دڵیان مشتێ گۆشتو خوێنە ..
ئێوارەیە دامەگەڕێو
شـــەقامەکە
لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە ..

★ ★ ★

ئێوارە دێ و
خەڵکی هەموو چاوەڕوانن
تا تێپەڕێ و بە تاسەوە بۆت بڕوانن
منیش وەکو ئەو لاوانە
دەمی حەزم گاز ئەگرێ لە
هەموو پارچەیەکی لەشت ..
چاوم تینووی سەرنجێکە
تامەزرۆیەو سەرنج ئەدزێ
لە نیگای دوو چاوی ڕەشت ..
دەسا چی تر نەمامی حەز
لە خاکی دڵما مەڕوێنە ..
ئێوارەیە دامەگەڕێ و
شەقامەکە لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە ..

★ ★ ★

تێ ئەپەڕیو
هەنگاوەکان وونت ئەکەن ..
ئەی شۆخەکە
دەپێم بڵێ کەوون ئەبی
هەنگاوەکان بۆ کوێت ئەبەن ؟ ..
وون ئەبیتو
سەرنجی ئەم هەموو لاوە
بەشوێنتا بێ سەرو شوێنە ..
ئێوارەیە دامەگەڕێو
شەقامەکە لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە ..

ئەیلولی ١٩٧٧

## دوو دیمـــەن

له پەنجەرەی کۆشکێکەوە
تێرێك دەستی
بە وورگی خۆیا ئەهێناو ..،
ئەیووت سەیرە
هێجگار سەیرە ..
چۆن لەتێ نان
ئەبێتە تەنیا دروشمێ
بۆ شۆڕشی برسی‌یەکان ؟ ..

★ ★ ★

دنیا شەو بوو
برسی یەکیش
لە کەلاوەیەکی کۆنا
بە ئاگا هات ..
سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان
مانگی لێ بوو بە لەتێ نان ! ..

١٥ شوباتی ١٩٧٨

## عاشق چاوی

### له ئەودیـوی شتەکانە

خۆشەویستی خۆی ئەزانێ
دڵی شاعیر چەند گەورەیە
شاعیر ئەمرێو
حەزەکانی بە هەتیوی گەورە ئەبن
وەکو پیرێك
گەنجێتی لە خوێنیا بژی ..
بە هیوای عومرێکی‌ترم
هیواکانمی تیا بێتە دی ..

★ ★ ★

من عاشقم
عاشق چاوی له ئه‌ودیوی شته‌کانه ٠٠
بۆیه له‌ودیو
نیگای چاوه‌کانی تۆوه          و
ڕه‌نگی به‌یانی ئه‌بینم
له ده‌روونتا نه‌خشه‌ی جیهانێکی تیایه
خه‌ڵکه‌که‌ی هه‌موو شاعیرن ٠٠
بۆ عیشق‌و جوانی ئه‌نووسن

١٩٧٨

## نامەیەکی کـراوە
## بۆ خاتو زین

شیعر هاوڕێی
شەوانی تەنیایی منەو
منیش هاوڕێی خەمەکانی تۆم خاتوزین ..
شیعر ژانێکی بەسۆیەو
لەگەڵ خۆشەویستی تۆدا
لەناو سنگی منا ئەژین
ئەی خاتو زین ..

★ ★ ★

عەشقێکی شێت منی کردۆتە دەروێشی
بیابانی خاکێکی سوور ..
خۆشم ئەوێی
وەکو خۆشەویستی نالی بۆ شارەزوور ..

★ ★ ★

منی سەرشێت
لە زمانی ترس ناگەم
بەسەر لاشەی شەوەکانا
هەنگاو ئەنێم
تا چەپکێ تیشکی خۆر بچنم
بۆ سنگی تۆی خۆشەویستم ..

★ ★ ★

ئای گیانەکەم
دڵی شەو چەندە تاریکە
بەڵام من هەر چاوم لە ئەستێرەیەکە ..
ئەڵێ وەرە
لە باتی گوڵ
بمدە لە قژی خاتو زین ..

# جۆلانـــه

تۆ هۆنراوەی
هۆنراوە تۆی ..
خورپەیەکیت بە ناخی شاعیرێتیما
دێیتو دەڕۆی ..
بۆ کوێ دەڕۆی ؟ ..
گەر سەرماتە ئەوە گڕی شیعرەکانم
گەرمیو ڕووناکیت دەداتێ ..
گەر دەترسی
شیعر دەکەم بە پەرژینو
هەرچوار لاتی پێ دەتەنم
تا دەستی کەست نەگاتێ ! ..

بۆ کوێ دەڕۆی ؟ ..
چ دنیایەک
هێندەی سنگ و دەروونی من
فراوانە ؟ ..
لە دڵمابە گەر پرسییان
ئەڵێم دڵم «جێی کیژێکی خانومانە
منداڵە ئۆقرە ناگرێ
بۆم دروست کردووە جۆلانە ..»(١)

٢٣ـ١ـ١٩٧٩

---

(١) کۆپلەیەکی مامۆستا هێمنی شاعیرە .

# چرپەیەك

ئەی فریشتە :

ئەم شیعرانەی لەمەودا دێن ، هەندێکیان لە باوەشی نازی تۆدا پەروەردە بوون ، ئەوانی دیش لەگەڵ فرمێسکی گەرمو گوڕی دووریتا لەدایك بوون ، بڕیاریش وابوو هەرگیز لەناو دیوانێکا چاو هەڵنەهێنن بەڵام هەرچەندم کرد نەمتوانی بڕیارەکەم بەجێبێنم بۆیە داوای لێبووردن لە تۆو خوێنەرانی

ئازیز دەکەم لە دواییشدا پێشکەشیان دەکەم بە تۆ

– تۆی مرۆڤ

– تۆی ئافرەت

– تۆی خۆشەویست

**فەرەیدون**

**١-٩-٩٨٢**

## ئەی ناسك‌تر
## لە شیعری جوان

نەتزانیوە
کە شاعیرێ بە تۆ دەگا ٠٠ ،
شنەی نیگات
پەپوولەی خەیاڵی مەستی
بۆ کوێ دەبا ؟ ٠٠

★ ★ ★

ئەی ناسکتر

لە شیعری جوان ..

خۆشەویستم گەورە ترە

لە مەداری سوڕانەوەی ئەستێرەکان ..

دە هیچ نەبێ

ئاوڕێك لە سیمای تەڵخی

ئەم غەریبە بدەرەوە ..

دە ڕێگایەك .. دە جێگایەك

بۆ ئەم حەزە نامۆیەی من بکەرەوە ..

نیسانی ١٩٧٩

## حەزێکی شێت

کە جێم دێڵی
هەموو شتێ
نیشانەیە بۆ تەنیایی ٠٠
من ئەزانم چیرۆکی ئەم حەزە شێتە
فلیمێکە بێ کۆتایی --
بۆیە ئەبێ
فرمێسک لە چاوی هەڵبەستما
شتێك بێ زۆر زۆر ئاسایی ٠٠
★ ★ ★

ئەی ئەو کەسەی
لەناو دڵما گەورە ئەبیو
تاجی وولاتی شیعری من
لەسەر ئەکەی ..
بە عەشقی تۆ بۆ نەسوتێم
چی لە عەشقت پیرۆز ترە ؟ ..
تۆ نازانی بە نیگای ئەو جووتە چاوەی
لە ئەستێرەی ئاسمان ئەچن
پەپوولەی گیانی ەردووی من
بۆ کوێ ئەبەی ؟ ..

که نیگا ئەگۆڕینەوە
چەپکێ خەمی
سەوزو شیرین گەورە ئەبێ
دە چاوەکانت دامەخە
دایان مەخە
ئەی فێر نەبووی
چۆن لە خەمی شاعیر بگەی ؟ ..

★ ★ ★

تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم
خۆشەویستیت ..،
خەمێکی هێجگار گەورەیەو
خۆشم ئەوێ
لە دڵما جێی نابێتەوە ..
ئەترسم دڵم بتەقێ
ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە ..
ئەوسا گڕی حەزێکی شێت
هەموو گیانم ئەسووتێنێ

ئیتر کێ شیعرت بۆ بڵێ ؟ ٠٠
کێ بگری بۆ
نیگای چاوت ؟ ٠٠
کێ بێ خەمت لەگەڵ بەشکاو
بتوێتەوە
لەگەڵ دەربڕینی ناوت ؟ ٠٠

٨ حوزەیرانی ١٩٧٩

## کێ وەکو من
## خۆشی ویستووی

بۆ بێدەنگی ؟ ..
کێ وەکو من خۆشی ویستووی ؟ ..
کێ وەکو من
هۆنراوەی جوانی بۆ وتووی ؟ ..
بۆ بێ دەنگی ؟ ..
کام نهێنی لەناو دڵتا حەشار ئەدەی ؟ ..
تاکەی بارگەی پرسیارێکی
بێ سەرەتا
لە دەروونی خۆتا ئەخەی ؟ ..

★ ★ ★

ده بدوێ با
گوێم له ئاوازی دەنگت بێ ..
لەسەر سنگی خۆت بمنوێنه
با سەری پڕ له ئەندێشەم
فێری خەوی سەر سنگت بێ
فێر م کە با گەورەتر بم
لەو خەمەی کە سەرم ئەخوات ..
فێرمکە با بەهێزتر بم
لەو گێژاوەی
هەر ناشزانم بۆ کوێم ئەبات ..

★ ★ ★

ئەو شیعرانەی بۆ تۆی ئەڵێم
خورپەی دڵی شاعیرێکن
ترپەی دڵی شاعیرێکن
تەنیا شیعرو
خۆشەویستی تۆ شك ئەبا ..
کەی ئەی گەیتێ
ئەوا عەشقت بۆتە گڕو
ئاگر لە گیانی بەرئەدا ؟ ..

٢٢ـ٧ـ٩٧٩

٧

# تــــۆ

هەرچی جوانە لە تۆ دەکا
عەشقت خوێنە
بە دڵما هاتوچۆ دەکا
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە دەبێ
سەوز دەبێو چرۆ دەکا
گیانە ئەوەی
لەمن زیاتر تۆی خۆشدەوێ
بێگومانبە درۆ دەکا ..

ئابی ١٩٧٩

## ڕۆژان ئەرواو

### تۆ هەرخۆشەویستی منی

ئەی ئەو کەسەی هەتا ئەمرم
گوڵی شیعر بۆ تۆ ئەگرم
خۆش ویستنێك خۆشم ئەوێ
هیچ یاسایەك نەیویستبێ
هۆنراوەیەکت بۆ ئەڵێم
هیچ شاعیرێ نەیوتبێ
شیعرێ خۆشتربێ لە ناوت
شیعرێ گەشتر بێ لە چاوت
شیعرێ ڕەنگی وەکو ڕەنگت
شیعرێ ناسكتر لە دەنگت
شیعرێ ناسكتر لە دەنگت

★ ★ ★

نە تۆ دیاری نە من دیارم
هەردوو نادیار ..
کەوتوینەتە
بەر چەپۆکی دەستی ڕۆژگار

★ ★ ★

ئێستاش پەپوولەی ماچی من
بەسەر گوڵی
لێوتەوەیە ! ..
بیرتە شەوان
ئەو شەوانەی
کە پێکەوە ڕێمان ئەبڕی
چیمان ئەوت ؟ .
هەموو عومری گەنجێتیی من
تەنیا ئەو یەك دوو شەوەیە ..

★ ★ ★

ئا لەم شەوە بێ تۆیەدا
ئای چۆن دەنگێکم بنگاتێ ؟ ..
کێ بێ وەکو فریشتەیەك
هەواڵێکی تۆم بداتێ ؟ ..
ئەی ئەو شۆخەی
هەرچی سۆزی دنیا هەیە
لە باوەشتا کۆبۆتەوە ..
ئاخۆ ئێستا
لەگەڵ یادی منا ئەژیو ..،
منت لەبیر نەچۆتەوە ؟ ..

٢٣ـ١٢ـ١٩٧٩
بەغـداد

## بۆ نەسووتێم

پێشکەشە بەو کەسەی
جاران وەکو خۆم ئەسووتا

ئەزانم ڕۆژێ دێ ئەمرم ..
بێ ئەوەی کە
ئەوەی هەموو دنیای منە
جارێکی‌تر
تاوێ لە باوەشم بگرێ‌و
تاوێ لە باوەشی بگرم ..

★ ★ ★

ئەگەر ئێستا لەلام ئەبووی
ئەتزانی چۆن
لەناو دۆزەخی دووریتا
شەو تا بەیانی گڕ ئەگرم ..
هەناسەیەك بێتۆ ناژیم .. ،
بۆیە ئەبێ لەناخەوە
بۆ کۆستی گەورەی دڵبگریم ..

★ ★ ★

بۆ کێ بگریم ؟ ..
بۆ ئافرەتێ
بە درێژایی وەرزێکی پڕ خۆشەویستی
فێری دڵداری ئەکردم ؟ ..
بۆ ئافرەتێ
ڕۆژی دەجار
بۆم ئەمردو .. ،
بۆی ئەمردم .. ؟

★ ★ ★

ئەی کوانێ کوا ؟ ..
خۆشەویستی جاران کوانێ
بەرەو کوێ چوو
چی بەسەرهات ؟ ..
قسەو گفتو پەیمان کوانێ
بۆچی ئەبێ
تەنیا هەرمن
خۆشەویستی بمبا بەرەو
سەد کارەسات ؟ ..

★ ★ ★

ئەو کاتانەی
لە ئەوینی سوتێنەری
یەکتریدا ئەتواینەوە
ووشەم ، شیعرم ، خۆشەویستیم
لەلات گەورەو بێ هاوتا بوو ..
شێوەم لەناو
نیگای چاوەکانتا ڕوابوو ..
ئەوەی لای تۆ
لەمن گەورەو بەرزتر بوو
تەنیا خوا بوو ..

★ ★ ★

گوایە تۆ لەبیرتچووە
بە درێژایی وەرزێکی پڕ خۆشەویستی
چیت کردووە ؟ چیت وتووە ؟

★ ★ ★

گەر ئاوڕێك لەو ڕۆژانە بدەیتەوە ..
تەنیا ساتێ بیر لە سووتانی ئەو کاتەو
لە دڵ ڕەقی
ئەم ڕۆژانەت بکەیتەوە ..
ناڵێی‌من لەبیر بەرەوە
بیر لەبوونو خۆشەویستی
کەسێکی‌تر بکەرەوە ..

★ ★ ★

ئیتر بۆچی
خوێنی لەشم ئەسووتێنی
ئەگەر بێو خوێنی تیا مابێ ؟ ٠٠
نەخێر گیانە
خۆشەویستی لای هیچ‌کەسێ
وانە بووەو ٠٠ ،
واز هێنانیش وەها نابێ ٠٠

١٩٨٠-١-٣٠

# رابووردوو وا بە شوێنتەوە

بۆ کوێ بڕۆی
ڕابوردوو وا بەشوێنتەوە ..
تارمایی خەمێکی گەورە
غەزەبی خوای شاعیرێکە
سێبەرەو لێت نابێتەوە

★ ★ ★

چیت بۆ بڵێم
کە گوێ نەگری و
لێم تێ نەگەی ..
گرانگ نی یە
گوێم پێ بدەی یا ، پێ نەدەی
ئەی مامۆستای گەورەترین خۆشەویستی ..
تۆ خۆت فێری ماچت کردم
ئێستا بۆ بێ ماچم ئەکەی ؟!!

٣٠ـ١ـ١٩٨٠

# دووری

ئێستا دوورم
نە ئەتوانم
لە باوەشتا تێر بنووم هەتاکو ئەمرم
نە ئەتوانم
بۆ زاخاوی مێشکی ماندوم
گوێ لە قاقاو
دەنگت بگرم ..

چی لەمەرگی ناو باوەشی
تۆ خۆشترە ؟؟
چی لە دەنگی ناسکی تۆ
پڕ جۆشترە ؟؟
چی ئەگاتە خەمی گەورەی
شاعیرێکی دوورە وولات ؟ ..
گەر عاشقێکی وەکو من بنالێنێ
ئاخۆ دەنگی تا کوێ بگات ؟ ..

٥ـ٣ـ١٩٨٠

شاعیر شەوانە

## گڕ ئەگـــرێ

تورە مەبە
خۆت زیز مەکە
خوا ئەتگرێ ..
کە بێدەنگم
وا مەزانە تاوانبارم
چیم پێ ئەکرێ ؟ ..
حەزێکی شێت
دەمو دەستو چاوی بەستووم ..
قوڕگی گرتووم .. ،
ناوی خواشم بۆ ناوترێ ! ..

ئەگەر عەشق
وەکو من داخی ئەکردی ٠٠ ،
ئەتزانی چۆن
شاعیر شەوانە گڕ ئەگرێ ! ٠٠

١٩٨٠_٣_٥

## ئێوارانێ وەك
## سێبەر شوێنم ئەکەوتی

ئێوارانێ
وەك سێبەر شوێنم ئەکەوتی ! ..
تۆش وەکو من
ڕێبواری ڕێی
عەشقێکی گەورەو پیرۆز بووی
خەم خوێی لە چاوت کردبوو
نەئەسرەوتی ..

★ ★ ★

ئێوارانێ کە پێکەوە دائەنیشتین
خەم ئەبووە خەنجەرێك و
کۆرپەی ئاواتی ئەکوشتین
ئێوارانێ
وەك دوو مەلی
ئاوارەی بێ لانەو جێگا ..
ئەبووینە دوو
رێبواری ماندووی سەر رێگا ..

ئای لە خۆشی ئەو کاتانەی
تۆ لانەم بووی ..
هەناسەم بووی
تۆ خەیاڵو لێکدانەوەی
شەوانەم بووی ..
ئای لە تەزووی ساردو گەرمی
یادگاری هەموو ژوانێك
یادگاری ئەو ڕێگایەی پێیدا ڕۆشتین
یادگاری ئەو جێگایەی لێی دانیشتین ..

★ ★ ★

ئەوا ئێستاش بەناچاری
فێربووم چۆن لە دووریت بژیم
ئێستا بەبێ فرمێسك ئەگریم
لە دوای ئەوەی
هەرچی فرمێسکم بوو ڕشتم ..
لەدوای ئەوەی نائومێدی
«پەپوولەی ئارەزووی کوشتم ..»*
لە دوای ئەوەی بۆ تەنیایی
لە ناوەڕاستی ڕێگادا بەجێتهێشتم ..

★ ★ ★

---

★ نیوە دێڕێکی مامۆستا هەردییە .

سوێندت ئەدەم
بەو ئاواتەی پێی نەگەشتین
بەو فرمێسکە گەرمو گوڕەی
دەردی دووری پێی ئەڕشتین
وەرە بەسەر مەرگی منا هەنگاو بنێ
تا ئەچیتە وولاتی غەریبیمەوە ..
وەرە گەر بۆ جارێ بووە
ببە فریشتەی ئارامو .. ،
بچۆرە ناو شەوانی بێخەویمەوە ..

١٧ای حوزەیرانی ١٩٨٠

## تـــۆ ئەمشـەو
## لە چاوما نووستی

تۆ ئەمشەو لە چاوما نوستی
ئەوەندە لام خۆشەویست بووی
پێڵوی چاوم بۆ ڕاخستی ..
تۆ ئەمشەو لە چاوما نوستی ..

★ ★ ★

ئەی ئافرەتی
«خۆشویستنو خۆشەویستی»
دوای چی ئۆبالی ئەو حەزە
ئەخەیتە ئەستۆی منەوە ؟ ..
لە کاتێکا
تۆ هەر لە یەکەم ڕۆژەوە
منت خستە گۆمی حەزێکی وونەوە ..

★ ★ ★

گەر لە واتای بوون گەیشتی ٠٠
ئەگەر زانیت
بۆچی ئەژین ٠٠ بۆچی ئەمرین
ڕەنگە ئەوساتە بزانی
بۆ شێتانە خۆشتویستم
بۆ شێتانە خۆشمویستی ٠٠

★ ★ ★

ئەگەر زانیت
بۆ ژیانم وەك هەناسە
وەكو خوێن بووی بە پێویستی
ئەزانی چەند
لام پیرۆزو خۆشەویستی
بۆیە وەكو
هەموو شەوانی ڕابوردوو
تۆ ئەمشەو لەچاوما نوستی

نەینەوا
٦ـ٨ ١٩٧٩

# چــۆن لە ئاهی
# دڵ ناترسی

کە جێم هێشتی
خۆتت ئەکوشت
بە ئاشکرا یا نهێنی
هەموو ڕۆژێ
«سیروان»ێ فرمێسکت ئەڕشت ..
ئەی ئێستا بۆ
بۆ ناپرسی ؟ ..
چۆن لەئاهی دڵ ناترسی ؟ ..

★ ★ ★

# ده بانگم که

هەتا بدوێی
لەناو گوێما
دەنگت زیاتر بەجۆش ئەبێ ..
کە بانگم ئەکەی «فەرەیدون»
ناوەکەی خۆم لا خۆش ئەبێ ..

پاییزی ١٩٨١

# ئەی کچی وولاتی بەفر

ئەمشەو خەوم پێتەوە دی
لە خەوما بوو بووی بەپەری
وەك فریشتەی بەرگ سپی
دەهاتیتە خوار بەکپی

★ ★ ★

پەریزادە
ئەی دەموچاو فریشتەیی
سالێك ڕۆیی ٠٠ ،
هەوالێکم پێنەگەیی ٠٠

★ ★ ★

کەی دێیتەوە ؟..
وا ساڵێکی گەورەو گران
بەسەر دووریتا تێپەڕی ..
پاییز هاتو
گەڵا وەری ..
گەڵا وەری ..
ئەی کچی وڵاتی بەفر
من ئامادەم بۆ کچێکی وەك تۆ پەری
هەوار .. هەوار ..،
شوێن پێی کاروانت هەڵگرم
ببم بە کوڕە کۆچەری ..

★ ★ ★

هەر دێیتەوە ..

تۆ ڕاهاتووی ئاو و هەوای
ئەم کوێستانەی
تۆ کچی وولاتی بەفری
هەر دێیتەوە و کە دێیتەوە ..،
بێ‌گومانم
ئێستا لە جاران جوانتری ..

زستانی ١٩٨٢

★ نەخشـــەی بـەرگ دەســتوخامەی هونەرمەنـد کاك حیکمەت هیندی‌یە ٠

★ نووسینی بـەرگ دەســـتنووسی شـاعیری لاو کاك جەمال غەمبارە ٠

شایانی سوپاسن ٠

**لە چاپکراوەکانی شاعیر :**

★ **نیگای حەزیکی ئاوارە ١٩٧٧**

چاپخانەی نەورەس ـ سلێمانی ت ٢٥٥٢٣

ژمارەی پێسپاردن بەنامەخانەی گشتی
لە بەغداد ٨٥٢ سالی ١٩٨٣
١٩٨٣/٧/١٨

# TIME PASSES .. YOU REMAIN MY LOVER

Poetry of : Faraydoon Abdul BarZingy

# تمضي الايام وتبقين حبيبتي

شعر

فريدون عبدول برزنجي

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ٨٥٢
لسنة ١٩٨٣

١٥

٣٠٠٠ - ٦ / ١٨ /٧/ ١٩٨٣

چاپخانەی نەورەس - سلێمانی ت ٢٥٥٢٣